# چەند سەرنجێ لە سەرحیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق

بەشی یەکەم

سەردارعەبدوڵا حەمە

زۆر کەس هێشتا نازانیَ بۆچی جیا بوونەوە لە ناو حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراقدا ڕووی دا ئە مە لە کاتێکا ساڵێك تێپەڕی بە سەر دامەزراندنی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چەپی عێراقدا کە بەشی جیابووەکان پێکیان هێناوە. من لێرە دا سەرنجتان ڕا دەکێشم بۆ سەردانی سایتی ئەم حیزبە تازەیە لە بلاو کراوە کوردی و عەرەبی و ئینگلیزیکانیدا زۆر باسی ئەم جیاوازیەی کردووە وە منیش لەم نوسراوەدا چەند سەرنجێکی تری خۆم د ەرئەبڕم لە سەر جیاوازیەکان .

کاتێ ئۆکتۆبەری ژمارە 121 م خوێندەوە کە ئۆرگانی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق(حککع)ە لە لاپەرە 2 دا چەندین بەیاننامەی کۆمیتەی ڕابەری ڕێکخراوی کوردستانی ئەو حیزبەی تێدا چاپ کراوە سەرنجم چووە سەر بەیاننامەیەك بە ناوی ( پەرلەمانی کوردستان پەرلەمانی خەڵکی کوردستان نی یە ) لێرەدا ئەو پرسیارەم لا دروست بوو ئەبێ مەبەست چی بێ لە پەرلەمانی خەڵکی کوردستان؟ , بە ووردی سەرنجی بدەنێ ئەوە هیچ شتێك ناگەیەنێ جگە لەوە کە حککع پەرلەمانی خەڵکی کوردستانی دەوێ ئەم پەرلەمانەی ئێستای کوردستانی پێ باش نی یە لە ناوەڕۆکی بەیانەکەشدا هەر ئەوە دەبینرێ .لە کاتێکا دەبوو ووترا با ( پەرلەمانی کوردستان نوێنەری خەڵکی کوردستان نی یە ) کە بە ڕاستی نوێنەری ڕاستەوخۆی ئەو خەڵکە نی یە کە هەڵبژێردراوی نوێنەرانی شارەکان و گوندەکان و گەڕەکە هەژار نشینەکان و کرێکاران و زەحمەتکێشان و ژنان و لاوان بێت . کە من پێم وا نی یە ئەوە هەڵەی چاپ بێت و یا هەڵەی ڕیزمانی بێت بەڵکو ڕێك ئەوە ئەلتەرناتیڤە و ڕابەری حککع( پەرلەمانی خەڵکی کوردستان ) بە باشتر ئەزانێ لە جێگای پەرلەمانە دروست کراوەکەی یەکێتی و پارتی کە هەرچییان بوێت بە ناوی خەڵکی کوردستانەوە ئەمڕۆ کوێخایەتی بۆ دەکەن وەك پشتیوانی لە دەستوری عێراق ودژایەتی سەربەخۆیی کوردستان و پێشێل کردنی ئازادی بیرو را و گرتن و فڕاندن و بێسەر و شوێن کردن وحوکمدانی قەرەقوشیانەی موخالیفانی سیاسی ورۆشنبیران وئاۆادیخوازان و بیَ کارەبا یی کردنی خەڵك و دەرکردنی ئەم و ئەو لە سەر کارەکانیان ....هتد.

ئەگەر قسە لە سەر دەوڵەتی سکۆلارە یا دەوڵەتی نا قەومی نا دینی یە بۆ خەڵکی کوردستانە ئەوە نە دەولەتی ئێستای (پەرلەمانی کوردستان)ی پارتی و یەکیتی یە نە (پەرلەمانی خەڵکی کوردستانە ) کەی ڕابەری حککع یە نە( مجلس موسسانی خەڵکی) کورشی مودرسی یە , چونکە پەرلەمان هەر جۆرێکی بێت دەبێتە دەسەڵاتی ئەحزابی بورژوازی لە کۆمەڵگادا کە دەمێکە ئالای سکۆلاریزمیان خستوەتە ژێر پێیانەوە .

لە سەرەتاوە کە دەمان ووت ڕابەری حککع بە لای ڕاست دا وەرگەراوە لای هەندێك جێگای گومان بوو بەڵام ئەمرۆ ئیتر نابێ گومانی لێ بکرێ کاتێك بە بیانووی لە بار نەبوونی هەل و مەرج و دەسەڵاتی حیزب وهونەری سیاسەتەوە پشت دەکات لە ئەلتەرناتیڤی کۆمۆنیستی و سۆسیالیستی کە لە کۆمۆنیزمەکەی مەنسور حیکمت دا بەیان کراوە کە لە بەر هەر هەلومەرجێك بێ نابێ سۆسیالیسم دوا بخرێ بۆ کاتێکی تر هەر ئێستا سۆسیالیزم واتە دەوڵەتی نا دینی و نا قەومی پێویستە و دەبێ کاری بۆ بکرێ چونکە تەنها بزووتنەوەی ئەم ئەلتەرناتیڤە هەیە بۆ گێرانەوەی ئیرادەی ئینسان .

حیزبێ دەتوانێ خۆی بە حیکمەتیست بزانیَ هەمان ئەو کارە بکات کە مەنسوری حیکمەت کردی هەر لە سەردەمی یەکێتی کۆمۆنیستەکانەوە کە بە تەواوی سنووری کێشابێ لە گەڵ کۆمۆنیزمە بۆرژوایەکان کە بە بیانووی جۆراو جۆر سۆسیالیسمیان دەسپارد بە کاتێکی نادیار وحکومەتی پەرلەمانی و دیموکراتی خەڵکی و دیکتاتۆری حیزبی یان لە جێی دا ئەنا . .

پەرلەمانتاریزم هەرگیز بزووتنەوەیەك نەبووە بە دەست كۆمۆنیستەكانەوە بەڵكو بزووتنەوەی بۆرژواۆی بووە مەنسوری حیكمەت و لینین و ماركس دەمێكە ئەمەیان بە ئێمە ووتوە كەچی تازە وا خەریكە هاوریێانی پێشووم لە حككع (پەرلەمانی خەڵكی كوردستان ) دەكەنە هەدەف و ئامانجی خۆیان پیَ یان وایە ئەوەیە دەوڵەتی سەربەخۆی كوردستان كە دەوڵەتێكی عیلمانی و نا قەومی و نا دینی بیَ جا ئەگەر سەردەمانێك وەك تاكتیكیَ كۆمۆنیستەكان چووبنە پەرلەمانی دەوڵەتی بۆرژوازییشەوە بۆ بەرژەوەندی چینی كرێكار و خەڵكی ستەمدیدە بووە لە سەر بنەمای تەرازووی هێزیان و ئەو بەرژەندیە بووە كە توانراوە كەڵكی لیَوەر بگیریَ وگەشەی سەر مایەداری وەك ئەمرۆ نە بووە و ئیتر ئەمرۆ پەرلەمانی جاران نیە بۆروژازی و پەرلەمانی ناتوانیَ سكۆلاریست بن لەگەڵ ئەوەشدا هەرگیز لە هیچ دەورانێكدا نە بە نهێنی و نە بە ئاشكرا كۆمۆنیستەكان پروپاگەندەیان بۆ هیچ پەرلەمانێك نەكرددووە وەك ئەم هاوریێیانە لە حككع ئەمرۆ دەیكەن وە دەڵێن( پەرلەمانی كوردستا ن پەرلەمانی خەڵكی كوردستان نییە) دیارە ئەو پەرلەمانەی ئەوان دەیانەویَ پەرلەمانی خەڵكی كوردستان دەبێت .

1ی كانوونی دووەم2006